

# دار زەیتوونەکەی غەززە

**کەمال عەولا**

لەناوەندی شاری غەززە دار زەیتوونێکی گەورەو نەقۆڵا هەیە. لە بەردەمی چاخانەیەکی کۆن و ئاوەلا قیت بۆتەوە . ساڵ دوانزە مانگ هەمیشە کەسکەو گەڵاکانی تەڕو تازەن . کەس نازانێ لە چ دەورو عەیامێك لێرە شین بووە ، چەندەها پشتەو بە بیری کەس دانایێ . ساڵ بە ساڵ قەدی ئەستوورترو لق و پۆی چڕو پڕتر دەبێ .

رەگ و ریشەی بۆ بنی‌بنەوە ڕۆچووەو گەییوەتە سەر ئاوێ . سێبەریشی بەقەدەر خۆی پان و پۆڕو گەورەیە . هاوینان پیرو پەککەوتە کە بەوێدا ڕەت دەبن ، لادەدەن و لەبنی لێ‌پشوو دەدەن . مندالآن کە لەیاری‌و گەمە ماندوو دەبن ، ڕوو دەکەنە ژێر پیرەدارو بۆ تاوێك لێی دادەنیشن ، گۆرانی دەڵێن و دەیکەنە چەپڵەڕێزان . کوڕی گەنج و هەرزەکار لەسەر ڕێی دەزگیران و دۆستانیان لەبن درەختی هەمیشە پەناگە دەوەستن

و دڵیشیان هەر وەختە شەق بەرێ شار ئیمڕۆ جەنجاڵە . جمە دێ . خەڵك وەك مێرووله دێن و دەچن . هەندێك بۆ بازار دەچ و هەشە بەخۆو بە زەمبیلەی پڕ لەشتەوە بەرەو ماڵ دێتەوە.

نوێژی نیوەڕۆ دانەهاتووە .. جادەکان پڕیەتی لەخەڵك زۆربەیان ژن و پیرن . قوتابیەکان هێشتان بەرنەبووینەو مەکتەبەکان خەریکی دەرز خوێندنن . دوو ئۆتۆمبیلی بو بەپرتاوی تێپەڕین و دڕیان بە خەڵکەکەدا. ئەوەندە تیژو خێ ڕەت بوون ، خەریك بوو یەك دووانێك پان بکەنەوە . پاشکۆ ئۆتۆمبیلەکان پڕ لە سەرباز بوون ، کەکڵاوی ئاسنیان کردبوو سەرو لوولەی تفەنگە بێ‌قۆنداخەکانیان دەرهێنابوو تفەنگەکانیان سوارو دەستیشیان بە پەلاپیتکەوە بوو . دەم چاویان مرومۆن ، تووڕەیی‌و ئاگریان لێ‌دەباری . لەبەر دەم مەکتەبێك چەند مێرد منداڵێك سەریان لەبن گوێی یەک

